www.kurdistannet.org 18-5-2004

# وتووێژێک لەگەڵ ڕەخنەگر و شاعیر حەمەسەعید حەسەندا

سیروان ڕەحیم

* وەکوو زۆربە پێم وابێت یەکەم هەنگاوی ئێوەش هەر لە شیعرەوە دەستی پێ کردووە، بە ڕای ئێوە شیعر دەرەقەتی ئەم هەمووو کارەساتە گەورانە دێت؟

** نازانم کێ گوتوویەتی: ‹ڕەخنەگر شاعیرێکی سەرنەکەوتووە،› بەڵام دەزانم بە هەڵەدا چووە. زۆرن ئەوانەی بە شیعر دەستیان پێ کردووە و دواتر لە بواری دیکەدا سەرکەوتنی مەزنیان تۆمار کردووە، لەوانە: بیکێت، فۆکنەر و جۆیس. پاسترناک ئەو شاعیرە گەورەیە، لەبەر ڕۆمانی دۆکتۆر ژیفاگۆ خەڵاتی نۆبێلی پێ ڕەوا بینرا. ئەدیب هەرچی بنووسێت، ناتوانێت دەستبەرداری شیعر ببێت. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پەنا بۆ شیعر نەبات، ناژی. شیعر کاکڵەی شاکارە ئەدەبییەکانە. من ئەو چیرۆکانە پەسەند دەکەم کە بە داوی شیعر چنراون. یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی دەستۆیفسکیی بە نەمری هێشتووەتەوە، لایەنی شیعریی ڕۆمانەکانییەتی.

گرنگ ئەوە نییە کەی و چۆن دەستت پێ کرد؟ ئەوە گرنگە دەگەیتە کوێ. بازرگانانی خوێن، قارەمانانی ساتیرەشیعرەکانم، یەکەم هەنگاو خەباتگێڕ بوون. من هاوزەمان لەگەڵ شیعردا و هەر لە سەرەتاوە بابەتی ڕەخنەییشم دەنووسی. یەکەم بەرهەمی ساکاری ڕەخنەییم باسێک بوو، لە کۆتایی ساڵانی شەستدا نووسیم، تایبەت بوو بە کۆمەڵەشیعری «ناسۆری دەروون»ی شاعیری هێژا ‹ع.ح.ب› کە لە ‹برایەتی›دا بڵاو کرایەوە.

شیعر گەلێک ئەرکی سەختی لە ئەستۆ نراوە، خوێنەر لە شیعردا بە دوای وەڵامی پرسیارەکانیدا وێڵە و ئەوە لە بیر دەکات، شیعر خۆی پرسیار دەوروژێنێت، وەڵام ناداتەوە. ئایا ئەرکی شیعرە، بە دەم کارەساتانەوە بچێت و بەرانبەر هەر ڕووداوێکی گرنگ هەڵوەستە بکات؟ ئەگەر وەڵام «بەڵێ»یە، ئەوا گرنگ چۆنییەتی بە دەنگەوە چوونەکەیە. ئایا لە شیعرێکی بچووک و کورتدا، تراژیدیایەکی مەزن و درێژ جێی دەبێتەوە؟ شیعر، ئازار سڕ یان بنەبڕ دەکات؟

شیعر بەشێکە لە ژیان و ناکرێت ژیان بە لایەنە گەش و ڕەشەکانییەوە بەسەر نەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە باڵاخانەی شیعر هەر بڵند و سەرکەش بێت. شیعر هەر کۆترەکێویلە بێت، نەکماڵی و باڵکراو. گرنگ ئەوەیە شاعیری کورد لە سەنگەری ئەوانەدا نەبێت کە هەوێنی کارەساتەکانن و بە ئومێدی کیسە لیرە، بووکی شیعر بۆ خوێنڕێژان نەکاتە پەردەوە.

* ئێوە بەوە ناسراون کە خاوەنی تیغی زمانن و بە شیعر زۆر جاران حیزب و سەرکردەکان دادەشۆرن، ئەم ڕێبازەتان چۆن گرتووەتە بەر و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

** بەشێک لە سەرکردەکان من بە جنێوفرۆش ناو دەبەن، ئەگەرچی لەو مەیدانەدا نەک من، کەس بە تۆزی پێی خۆیاندا ناگات. چ قەیدی با من جنێوفرۆش بم، بەس نییە وەک ئەوان وڵات و خوێنی میللەت فرۆش نیم. ساڵی ١٩٨٤ شیعری ‹پەشیمانی›م نووسی کە تیری ڕەخنەی بە شێوەیەکی گاڵتەجاری ئاراستەی لایەنێک نیازی دەستتێکەڵکردنی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا هەبوو، دەکرد. ئەو شیعرە وەک ئاگر لە پووش بەربێت، لە شار و لە شاخ بڵاو بووەوە و گەییشتە ئەورووپاش. بەسەرهاتی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرانە کە دەکرێت

www.kurdistannet.org 18-5-2004

ساتیرەشیعریان ناو بنێیت، لە ‹پەشیمانی›یەوە دەست پێ دەکات و بەردەوامە و ئێستا گەلێک کەس بەو شێوازە دەنووسن.

من دەزانم ئازاری پەریی شیعرم داوە، بەڵام چونکە خاوەنی مەبەستێکی پیرۆزم، بە هیوام خوای شیعر لێم ببوورێت. پێم وایە ئەگەر شاعیر زاتی نەکرد ڕاستی بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێت. ئەو ساتیرەشیعرانە لە ڕاستگۆییەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیە خوێنەرێکی زۆریان هەیە. قسە لە شێت یا لە منداڵ، شاعیر منداڵێکی شێتۆکەیە، هەمیشە ڕاستی دەڵێت. ئەوی ع.ح. ب، جەمال شاربازێڕی و لەتیف هەڵمەت بناسێت، دەزانێت دووڕوویی میوانێکی ئێسکگرانە، ئەوان هەرگیز دەرگای ماڵی شیعریان لێ نەکردووەتەوە، منیش چونکە چاوەڕێی خەلاتی بازرگانانی خوێن نیم، هەمیشە ڕاستی دەڵێم.

لەو ساتیرەشیعرانەدا هەوڵم داوە بەرگی شیعر بە بەر مەسەلە ڕۆژانەییەکاندا بکەم و ئەو بابەتانەی کە لەوە ناچن بۆ شیعر دەست بدەن، لە شیعریان نزیک بکەمەوە. حەز دەکەم ددان بەو ڕاستییەشدا بنێم، من ئەو جۆرە شیعرانەش زۆر بە زەحمەت دەنووسم و لەگەڵ لەدایکبوونی هەر یەکێکیاندا ئەوەندە ژان و ئازار دەچێژم، وەک ئەوەی پارچە گۆشت بن و لە جەستەم بکرێنەوە.

من دژی ئەوەم شاعیر شیعری شیعری خۆی لێک بداتەوە، چونکە گەر چی بۆچوونی خاوەنی تێکستەکە بایەخی خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە سەرکەوتووترین لێکدانەوە بێت، ئەمە جگە لەوەی سیحری شیعری بەتاڵ دەکاتەوە. «هەردی» نەک هەر بە هەڵە شیعرەکانی خۆی لێک داوەتەوە، بەڵکوو لە پلە و پایەی شیعریی، خۆیشی هێناوەتە خوارەوە. من ساتیرەشیعر بە زمانێکی چاوەڕێنەکراو دەنووسم، یان ڕاستتر بە شێوازێکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا دەکەم، بەڵام هەمیشە ئەوەم لە بەرچاوە خوێنەر ئاشنای زمانەکەم بێت، نەک پێی نامۆ بێت.

* لەپاڵ نووسینی شیعردا ئێوە ڕەخنەگرێکی ناسراون و لە سەر شیعر و چیرۆک و سیاسەتیش بەردەوام نووسینتان بڵاو کردووەتەوە، بزاڤی ئەمڕۆی ڕەخنەییمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

** ستروکتورالیزم کە سی ساڵێک لەمەوبەر لە فەرەنسا لەسەر دەستی شتراوس، بارت، فۆکۆ، لاکان و درێدادا گەشەی کرد، ئێستا ئەو بزاڤە کە زۆر درەنگ گەییشتە عەرەبستان و درەنگتریش هاتە کوردستان، باڵێکی چالاکی گۆڕەپانی ڕەخنەی کوردییە. ئەو نووسەرە کوردانەی سەر بەم ڕێبازەن، پێیان وایە کلیلی کردنەوەی هەموو تێکستێک تەنیا لە گیرفانی خۆیاندایە، ئەگەرچی بێجگە لە زمانی نووسین هەموو لایەنەکانی دیکەی بەرهەمی ئەدەبی پشتگوێ دەخەن. خەوشی هەرە ئاشکرای ئەم بزاڤە چاوپۆشینە لە خودی داهێنەری بەرهەمەکە، ئەمەش واتا جاڕدانی مەرگی نووسەر، کە بە دژایەتیکردنێکی زەقی مرۆڤ دەشکێتەوە، چونکە ئەوی ئەم بزاڤە گرنگیی پێ نەدات، پێوەندیی نێوان خود و بابەت، ئەدەب و واقیعە.

قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە، تەنیا باس لە پێوەندیی پێکهێنەرە زمانییەکانی دەقەکە دەکەن و زمان لایان ئامانجە. وشە لایان ناوەڕۆکە و شێوەش پێوەندیی نێوان وشەکانە. زمان لە ئینسان دادەبڕن و ئەوە بەلایانەوە مەبەست نییە، کێ کام وشەی بەکار هێناوە، ئەوەیان مەبەستە وشەکە لەو ڕستەیەدا چۆن لێک دەدرێتەوە. ئەدەب لایان تەنیا زمانە و کۆمەڵێ هێما. گرنگ پێوەندیی نێوان هێماکانە، نەک پەیامی ئەدەب. شاعیر کە بە واتای بەرهەمهێنی داهێنەر دێت، گرنگ نییە کێیە، کەی و لە کوێ ژیاوە و لە سایەی چ هەلومەرجێکدا

www.kurdistannet.org 18-5-2004

داهێنانی تۆمار کردووه. پێیان وایه شاعیر دەبێت بە زمانێکی نامۆ بنووسێت و دژی ڕێزمان بێت.

ڕاسته شیعر شتێک دەڵێت کە زمانی ئاسایی ناتوانێ بیڵێت. یان شیعر دەربڕینێکی تایبەتییە بۆ گوتنی شتە گشتییەکان، بەڵام شیعر هەمیشە ناچارە هێندێک یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی ڕەچاو بکات، ئەگەر نا شیعربوون لە دەست دەدات، ئاخر شیعر لە هەموو قۆناغێکدا جۆرە ڕەوانبێژییەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەرهەمی ئەدەبی هەر درێژەپێدانی هەڵوێستی ئەدیبە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ڕێبوارانی ڕێبازی بونیادگەری لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەندە پاسیڤن، لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لە کونی ژوورەوە مێژووی سێکسەکەی ‹فۆکۆ›یان دەخوێندەوە، کەچی تازەکی دێن ڕەخنە لە ئەزموونی شووراکان دەگرن. ئەم ڕەخنەگرانە بەوپەڕی هۆشیارییەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە ماڵیکردنی ئینساندا دەبینن. هەست بە کەموکووڕی کردن وای لێ کردوون، «مەریوان قانع» کە چەند مانگێک بوو گەیشتبووە هولاَند و هێشتا لە کەمپی پەنابەراندا بوو، کەچی لە نووسینێکیدا لە ژمارە ١٧ی یەکگرتن ‹ساڵی ١٩٩٥› دا، وای نیشان دابوو کە دوو کتێبی ‹هیگڵ›ی بە هۆلاَندی خوێندووەتەوە و وەک سەرچاوە سوودی لێ وەرگرتوون!

با نەیشتوانین ئەدەب وەک بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنین، بەڵام ئەمە ڕێی ئەوەمان پێ نادات لە خاوەنی و لە سەردەمەکەی داببڕین. مەنفا ناسنامەی ئەورووپاییبوونی پێ نەبەخشیوم، بەڵام دەترسم ناسنامەی کوردستانیبوونم لێ بستێنێتەوە، بۆیە وا دەڵێم، چونکە دەشێت لەبەر دوورەدەستی بە تەواوی ئاگاداری بزاڤەکە نەبم و دەگونجێت نیشانم نەپێکابێت.

پێش ڕاپەڕین ڕەخنەی ئەدەبی زێتر بریتیبوو لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی، ڕەخنەگر لە ڕێی خوێندنەوەی شیعرێک، چیرۆکێک، یا شانۆنامەیەکەوە، بانگەشەی بۆ بیروڕا سیاسییەکانی خۆی دەکرد. ئەم حاڵەتە تایبەت نەبوو بە کوردستان، لە هەر کوێیەک ئازادیی بیروڕادەربڕین نەبێت، ئەم دیاردەیە سەر هەڵدەدا. ئێمە بە بیانووی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە، باسی خەباتی چینایەتیمان دەکرد، بەڵام دەمانزانی ئەدەب هەر پەیامی سیاسی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی نییە، بۆیە لایەنی هونەریشمان فەرامۆش نەدەکرد.

* لەم ڕۆژانەدا من کتێبێکی ئێوەم دەخوێندەوە: ‹ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا،› ئەمڕۆی چیرۆکی کوردی چ بەرهەمێکی لە هەگبەدایە؟

** باختین دەڵێت: «دەستۆیفسکی پێش ئەوەی فەیلەسووف یا نووسەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، هونەرمەندێکی باڵایە.» لەم دواییەدا ‹حەسار›ی شێرزاد حەسەن و ‹گەماڵ›ی خوسرەو جافم دەخوێندەوە، هەستم کرد هونەرمەندانە نووسراون. گەماڵ ڕۆمانێکی ڕەمزییە، خوسرەو جاف بەو شێوازە نەبووایە، نەیدەتوانی بینووسێت، چونکە سانسۆر ڕێی نەدەدا. لە گەماڵدا نووسەر بە کەرەسەی نائاسایی، خانوویەکی ئاسایی بنیات ناوە. کارەکتەرەکان ئاژەڵن، بەڵام باس لە ئینسان دەکرێت. نووسەر لە ڕێی ڕەمزەوە تێڕوانینی خۆی بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستە کردووە. لە گەماڵدا تەنیا ڕەنگێک زاڵ نییە، هەست بە بوونی کۆمەڵێک ڕەنگ دەکرێت. ئەو ڕەنگانە خۆڕسکانە تێکەڵ یەکتری بوون و پەلکەزێڕینەیەکیان پێک هێناوە. نووسەر بە ناخی سەگدا شۆڕ دەبێتەوە کەچی ڕووناکی دەخاتە سەر ناوەوەی ئینسان. باس لە پێوەندیی نێوان گیانداران دەکات، کەچی شەڕی ناوخۆ و ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستان بەسەر دەکاتەوە.

شێرزاد حەسەن لە ‹حەسار›دا لە دژی بەشتبوونی مرۆڤ دەوەستێت و پەردە لە سەر ئەوە لا دەدات کە جیهانی

www.kurdistannet.org 18-5-2004
ئینسان گەلێک بەرینە و خواستەکانی لە هەموو چوارچێوە و تەلبەندێک مەزنترن و زیندانی ناکرێن. ئەگەر چیرۆک، هونەری گێڕانەوە بێت، ئەوا شێرزاد حەسەن گێڕەرەوەیەکە بە سەر هونەرەکەیدا زاڵ. حەسار پشتئەستوور بە خەیاڵێکی بەپیت، ناکۆکی نێوان نامۆیی و ملهوڕی دەگێڕێتەوە. بە باڵی خەون دەفڕێت بەڵام لە هێلانەی واقیعدا دەنیشێتەوە. حەسار ناڕاستەوخۆ پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە سەردەمی باوکسالاری، ئاغایەتی، سەرۆکی مەزن و پارتی پێشڕەو بەسەر چووە.

* باشووری کوردستان لە ئەنجامی شەڕی براکوژی و لە سایەی کردەوەکانی <یەکێتی و پارتی>دا بە قۆناغێکی ترسناکدا تێپەڕ دەبێت، رۆڵی رۆشنبیری کورد لە قۆناغێکی وەک ئەوەی ئەمڕۆدا چییە؟

** ئەوانەی لە ریزی یەکێتی و پارتیدان، پێش ئەوەی رۆشنبیر بن، پۆلیسن. (ئەبوبەکر عەلی)ی شاعیر چونکە لە سایەی دەسەڵاتی <یەکێتی>دا تیرۆر کرا، پرۆفیسۆر عیززەدین مستەفا رەسووڵ بێدەنگ بوو، گەرچی ئەبوبەکر ئەندامی ئەو رێکخراوە بوو کە پرۆفیسۆری ناوبراو لەمێژە سەرۆکایەتیی دەکات، هەر ئەو زاتە بەهاری ١٩٩٦ دۆکتۆر مارف خەزنەداری لە حەرەمی زانکۆی سەلاحەدیندا بەر مشتەکۆڵە دا. من پێم وایە ئەوی ئەندامی ئەو دوو لایەنە بێت، کەم و زۆر بەشدارە لە تاوانەکانی هەردوو لایاندا و حەرامە پێی بگوترێت رۆشنبیر.

رۆشنبیری کورد ئێستاش هەر ئەو ئەرکەی لە سەرشانە کە لە سایەی بەعسدا لە سەرشانی بوو. ئەوی ئەوسا دژایەتی بەعسی دەکرد، ئێستا دژایەتی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکات. رۆشنبیر کەسێک نییە شاهید، کەسێکە شەهید، وەک: رەئووف ئاکرەیی، سەلاح هەورامی و محەممەد قەرەداخی.

رۆشنبیر نابێت جەماوەر فێری بێدەنگی، گوێڕایەڵی و ئارامگرتن بکات، دەبێت فێری رەتکردنەوە، بەربەرەکانی، بەرەنگاری، یاخیبوون و راپەڕینی بکات. هێندێک رۆشنبیری کورد هەن، گەورەیی خۆیان لەوەدا دەبینن، لە دوای دەسەڵاتدارانەوە بڕۆن. هەیشیانە وەک چۆن ئینسان ناچار دەبێت بۆ نان لەشی بفرۆشێت، ئەویش بەنرخترین سەرمایەی، قەڵەمەکەی دەفرۆشێت. سەرانی کوردستانی باشوور، کەسانی کۆیلە و زەلیلن، وڵاتی داگیرکراو بە کۆیلە و زەلیل ئازاد ناکرێت. ئەرکی رۆشنبیرانە ئەم راستییە بخەنە روو، نەک کڕنووش بۆ ئەو سەرکردە زەلیلانە ببەن کە دوژمنی سەرەکیی گەلەکەمانن. رۆشنبیر نابێت چاوەڕێی پلە و پایە و دراوی لە خوێنی میللەت هەڵکێشراو بێت، دەبێت بوار نەدات متمانەی خەڵکی و ئابرووی خۆی لە دەست بچێت.

* بەر لە راپەڕین و لە سایەی بەعسدا، هەر باسی ئازادی و دیموکراسی بوو تا لەو کەشوهەوایەدا بەرهەمی هونەری بەپێز بخوڵقێت، کەچی بە پێچەوانەوە، راپەڕین وای کرد، بزاڤی رۆشنبیری بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، ئێوە چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانن؟

** خۆشترین ساڵانی ژیانی هەموو گەلێک، ساڵانی یەکەمی دوای راپەڕین و ئازادییە. ئەم رێسایە کوردی باشووری نەگرتەوە، چونکە دوای بەهاری راپەڕینیش دەسەڵات هەر بە دەست بەعسەوە مایەوە، بەڵام لە شێوەی پارتی و یەکێتیدا. جارێکیان مەسعوود بارزانی گوتی: <ئەوسا کورد بە دەست یەک حیزبی فاشییەوە، دەیناڵاند: حیزبی بەعس، ئێستا بە دەست دوو حیزبی فاشییەوە دەناڵێنێت، پارتی و یەکێتی.> ئەگەرچی <سەرکردە> نابێت هەرگیز راستی بە جەماوەر بڵێت، کەچی بارزانی ئەو رێسایەی لەبەرچاو نەگرت و راستییەکەی گوت.

www.kurdistannet.org 18-5-2004

شەڕ و کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەو دوو لایەنە، بۆ ئەوەیە بەعس کامیان بکاتە نوێنەر و کوتەکی دەستی خۆی لە کوردستان. ئێمە چۆن دەتوانین هاوزەمان گوێ بۆ جریوەی شیعر و خوڕەی گۆرانی و گرمەی تۆپ شل بکەین! لە سایەی ئەو شەڕانەدا کە لە هەموویاندا هەر یەکێتی دەستپێشخەر بووە، دەنگی تۆپ بە سەر دەنگی ئەدەب، هونەر و بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیریدا زاڵ بووە.

شەڕئەنگێزان دەزانن لە کەشوبایەکی ئاشتی، ئاسایش، هێمن و دیموکراتیدا جێیان پێ لێژ دەبێت، بۆیە درێژەدان بە شەڕ و ملهوڕی، درێژەدانە بە تەمەنی خۆیان. ئەگەر دەسەڵاتی یاسا سەروەر بێت، دەسەڵاتدارانی کوردستان وەک تاوانکارانی شەڕ دەدرێنە دادگا، بۆیە تا پێیان بکرێت ئاو بە ئاشی شەڕدا دەکەن. چرای بزاڤی ڕۆشنبیری لە سایەی دەسەڵاتی ئەو دوو مافیا زەبەللاحەدا، ڕاستە کز بووە، بەڵام نەکوژاوەتەوە. ئەوەی وەک دەسەڵاتدارانی کوردستان کتێب و ڕۆژنامە بسووتێنێت، ئینسانیش دەسووتێنێت، بەڵام ئایندەی لە چارەنووسی هیتلەری نموونەی باڵای ڕۆشنتر نابێت.

* ئێوە وا ناسراون کە ڕەخنە لە کەسانی سیاسی و حیزبەکان دەگرن، هیچ لە ژێر لێفەدا ناهێڵنەوە، ئایا تا چەند لەمەدا سەرکەوتوون، لە کاتێکدا کولتووری کورد زۆر جار ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم مرۆڤدا کە بیەوێت بە ڕاوشکاوی دەست بۆ مەسەلەکان درێژ بکات؟

** مایەی داخە هێشتا زۆربەی تاوان و ناپاکییەکان هەر لە ژێر لێفەدان و پێویستە بەردەوام تیشکی خۆریان تێ بگیرێت. قارەمانانی چیرۆکی ‹پیاوانی ژێر خۆر›ی غەسسان کەنەفانی لە کاتێکدا دەیانەوێت سنووری نێوان عێراق و کوێت ببەزێنن، لە ناو دۆزەخی تەنکیی ئۆتۆمبیلەکەدا دەمرن، دەسەڵاتدارانی باشوور کارێکیان کردووە، لەو سنوورانە لاوانی کورد دووچاری هەمان چارەنووس ببنەوە. ئێمەی دوورەوڵات پێش دەسەڵاتی ئەوان بە هیوای گەڕانەوەوە دەژیاین، بەڵام کارێکیان کرد، نەک هەر ئێمە نەگەڕاینەوە، بەڵکوو وڵاتەکەمان بەرەو چۆڵبوون دەچێت.

سەرانی کورد وڵاتیان لە کیس داین، کەسێک وڵاتی لە دەست چووبێت، ئیدی سڵ لە چی دەکاتەوە؟ هەرچی سەبارەت بەو ناپاکە خوێنڕێژانە بگوترێت هێشتا کەمە و شیاوی زێترن. کولتووری دواکەوتووی کورد ڕێگە بە هەموو شتێک دەدات، ئەگەرنا شێرکۆ بێکەس تۆزقاڵێک ڕێزی شیعر و شاعیرانی دەگرت و لە پێناوی دراوی خوێناویدا هۆنراوەی بۆ جەللادێکی بەدناو نەدەنووسی. جەللادێک کە ئەو شەڕە خوێناوییەی کوردستان بە تۆپانێ دەزانێت و ئینسان کوشتن بە فاوڵ تێدەگات!

با خوێنەران بڕیار لە سەر نووسینەکانم بدەن نەک خۆم، خۆ ئەگەر پشتگیری گەرموگوڕی ئەوان نەبووایە لەمێژ بوو کۆڵم دابوو. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕەخنە خولْقاندنی گومانە، گومان لە سەر بناغەی لۆژیک نەک گومانی بێ بەڵگە. من وەک ڕەخنەگرێک کەسێکی ساکار و خۆشباوەڕ نیم و هەموو هەواڵێک بە حەقیقەت نازانم، بریا خوێنەریش وا دەبوو.

* دەقی ئەم وتووێژە سەرەتا مارسی ١٩٩٧ لە ژمارە ‹٥٧›ی ڕۆژنامەی ‹ئازادییا وەڵات›دا کە لە ئەستانبووڵ بە دیالێکتی کرمانجی باکوور دەردەچوو، دواتر لە ژمارە ‹١٦›ی گۆڤاری ‹گزینگ›یشدا بڵاو کراوەتەوە.